# مردنەکانیش جیاوازن

**ئەمجەد شاکەلی**

دوێنێ بەیانیی زەنگی تەلەفۆنەدەستییەکەم لێیدا و لە خەو ڕاپەڕیم و بێدار بوومەوە. کە وەڵامم دایەوە، کاک "موحەممەد حەمەساڵح تۆفیق"ی هاوڕێم بوو لە سلێمانییەوە. گوتی ویستم هەواڵێکی ناخۆش، فرەناخۆشت پێ بگەیەنم، ئەویش کاک گۆران قەرەداغی هاوڕێمان، دوێنێ ئێوارە ئەلەکتریک گرتی و مرد.
سلێمانی برام، بەیانییەکی زەنگی بۆ لێدام و دوای یەک دوو ڕستەیەک، گوتی هەواڵێکی ناخۆش: دەزانی کێ مردووە، سەباح، ئەوەی هاوین بوون بە دۆست و برادەر، ئەم بەیانییە لە سەر جادەی نێوان کەلار-کفری و بەرانبەر ماڵەکەی خۆیان لە سموود ئۆتۆمبیل لێیدا وکوشتی.
بەیانییەکی مانگی یوونی، زەنگی تەلەفۆنەدەستییەکەی سلێمانی برام لێیدا و، کە وەلامی دایەوە، دەنگی گۆڕا و دیار بوو ئەوەی ئەو دیوی هێڵەکە هەواڵێکی سەرسووڕهێنەر، کتوپڕ، سەرنجڕاکیش یا ناخۆشی پێ داوە و دەسبەجێ لە دەموچاو و ڕوومەتیدا دەخوێنرایەوە، کە شتێک ڕوویداوە. لە گفتوگۆیەکەی بووە و گوتی سەلام، سەلامی خۆمان، سەلام شاکەلی، بریندارە. پاش چەند چرکەیەکی دیکە دووبارە زەنگی بۆ لێ درایەوە و ئەمجارەیان سلێمان زەرد هەڵگەڕا و لێوەکانی وشک بوون و گوتی: سەلام کوژراوە و تەواو بووە.
کە کاک موحەممەدی هاوڕێم، هەواڵی نەمانی گۆرانی پێدام، هیچم پێ نەگوترا و گەرووم وشک بوو و دەتگوت مشتێک بە سەرمدا کێشراوە و مات بووم و گریان گرتمی. ئاخر گۆران بۆ دەمرێت؟ چۆن دەمرێت؟ نابێ بمرێت؟ کەی کاتی مردنیەتیی؟ بۆ بە ئەلەکتریک؟ بۆ و دەیان بۆی دیکەم لا دروست بوون. هەرگیز چاوەڕوانی هەواڵێکی وا نەبووم. گۆران، ئەو پیاوە زیتەڵە و هەمیشە دەم بە نوکتە و گاڵتە و پێکەنینە. گۆرانی ئارام و تابلێیت دڵ و دەست و ناخپاک. گۆران، سی ساڵێک بوو بە هۆی سیاسەتەوە کوردستانی بەجێهێشتبوو و دوای چیا و سووریا و لوبنان گەیشتبووە سوێد. زمانفێربوون، کار، ژیان، ماڵ، منداڵ، دۆست و ناسیاو، هیوا و خۆزگە، وەک هەموو یەکێکی ئەم سوێدە ئەویش لەو بازنەیەدا دەژیا. پارساڵ بە گوێرەی تیۆری "شام شەکرە، لێ وەلات شیرنترە"، گەڕایەوە کوردستان و پێیوابوو، کە ئیدی کاتی کۆچی پێچەوانە هاتووە و کاتی کۆتاییپێهێنانی برگەی ئاوارەیی هاتووە و کاتی هەڵدانەوەی ڕووپەلێکی نوێ هاتووە. کە گەڕایەوە تۆپەلێک هیوای بە ژیانە تازەکەی هەبوو و وەدیهێنانی کۆمەڵێک خەونی دەیان ساڵەی پێ هاسان بوو. هێندە بە خێرایی تێکەڵ بە ژیانی ئەوێ بووەوە، وایدەزانی هەرگیز ئەورووپای بە چاو نەدیوە و هەر لە کوردستان ژیاوە. گۆران، چووبووە بۆ کوردستان بۆ ژیان نەک بۆ مردن. گۆران، لە کوردستان بە ئەلەکتریک مرد! تەنێ گۆران نییە لە کوردستان بە ئەلەکتریک مردبێت و بمرێت. ڕۆژانە خەڵک لە کوردستان بە ئەلەکتریک، بە سووتان، بە کارەساتی ئۆتۆمبیل، بە کوژران، بە مار و دووپشکپێوەدان، بە لەئاوداخنکان، بە تەور و داس و تاوێر و بەرد، بە گوللەی وێڵ، بە خشت و دیوار و خانوو بەسەردا ڕووخان، بە خۆراکی خراپ و ژاراوی، بە نەخۆشیی بێ چارەسەر و بێ دەرمان، بە تەقینەوەی بەرمیلی گاز، بە تەقینەوەی پریمز، بە نەوت و بەنزین و...بە سەدان دەردیسەری دیکە دەمرن و لەنێو دەچن.
گۆرانیش یەکێک بوو لەوانە. ئەوانەی بەو دەردانە دەمرن و لەبەین دەچن، هەژاران، نەداران، برسییان، ڕووتان، چەوساوان و خەڵکانی شەکەت و ستەمدیدەی خوارێی کۆمەڵگەن. گۆرانیش یەکێک بوو لەوانە. گۆران، منداڵە هەژارێکی بێدایکگەورەبووی بەردەستی باوەژن، تا هەبوو هەمیشە تەمێکی خەم و شەکەتیت، وەک پەردەیەک بەسەر ڕوومەت و دەموچاویدا وەدی دەکرد و هەمیشە لە دەموچاو و ڕوومەتیدا قورسایی و ماندووبوونی سالانێکی زۆرت دەدیت و دەخوێندەوە. ئەوانەی، کە بەو شێوەیە دەمرن، خەڵکە شەکەتەکەن و گۆرانیش یەکێک بوو لەوان. ئەوانە گۆرانەکانن. ئەلەکتریک، ئۆتۆمبیل، سووتان، داس و تەور و خاکەناز، جەنگ، مار و دووپشک، ڕووخانی دیوار و...،بەچکەدەوڵەمەند و دەسەڵاتدار ناکوژن. دەوڵەمەندزادە و دەسەڵاتدار، بە بەچکە هەژاران کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن و ئەوان دەکەنە قیروسیا و دەیانخەنە بەر دژوارییەکەوە و بۆ خۆیشیان لاق لە سەر لاقی دادەنێن و فشەیان بە هەموو دنیایێ دێت. ئەوە بەچکەی هەژارە و ئەوە گۆرانە، کە دەبێ بۆ خۆی بچێتە سەربان و ئەلەکتریک ببەستێت و کارەکانی ئەنجام بدات. دەوڵەمەندان دەسەڵاتدارانی کوردستان، لە باشترین خانوودا دەژین و لە نوێترین تەکنیک سوود وەردەگرن و ناوماڵەکانیان بە جوانترین و تازەترین و گرانترین شێوە دەڕازێننەوە و چێ دەکەن. ئەوان خەڵک

کاریان بۆ دەکات. ئەوان هەموو شتێک، هەموو کاتێک بە نوێترین شێوەکانی، مسۆگەر دەکەن. گۆران، ئەگەر سی ساڵی دیکەش لە سوێد بژیایە هەرگیز ئەلەکتریک نەیدەگرت. لە هەموو ئەوروپادا تا ئێستا یەک مرۆڤ ئەلەکتریک نەیگرتووە.

سەباح، ئەو پیاوەی هاوێنێ ناسیم و کۆڵێک ڕووخووش و جوامێر و دڵکراوە و ڕۆحسووک بوو و هەر دەسبەجێ و بێ هیچ بەرابیەک نێوانمان خۆش بوو، بە کارەساتی ئۆتۆمبیل دەمرێت. کارەساتی ئۆتۆمبیل هەژارانی وڵاتەکەی لەمەڕ ئێمە دەدووریێتەوە و لەبەین دەبات. ئۆتۆمبیلی هەژاران لەگەڵ ئۆتۆمبیلی دەوڵەمەندان و دەسەڵاتداراندا جیاوازییان هەیە. دەسەڵاتداران و دەوڵەمەندان سواری مۆنیکا و لەیلاعەلەوی و مارسیدس و بی. ئیم. دەبلیوو دەبن و جادەیان بۆ چۆڵ دەکرێت و نێوانیان لەگەڵ ئۆتۆمبیلی خەڵکی دیکەدا گەلێک دوورن لەیەکدییەوە و چۆنیان بوێ وا داژۆن و شۆفێری تایبەت و پاسەوانیان هەیە و دەیان زەلام بە چەکەوە دەیانپارێزن و ئۆتۆمبیل و جادە و خەڵک، هەموو دەبێ خۆ لە ڕێگەیان لادەن. مەترسی وەرگەڕان و لێدانیان هەر یەکجار کەمە و هەرگیزیش بە پێیان وەک سەباح، ناچنە سەر جادە و ئەوان سەباحەکان دەنێرنە سەر جادە. سەباح، ئەگەر ئۆتۆمبیل لە سموود لێی نەدابا، سی ساڵی تری تەمەنی لە ئەوروپا بووایە، هەرگیز بە کارەساتی ئۆتۆمبیل نەدەمرد.

سەلام منداڵێکی ئەو دەشتەی گەرمێنە، هەموو ژیانی بە کوێرەوەی و بەدبەختی بردبووە سەر. ساڵانێک پێشمەرگایەتیی و چیا و ساڵانێک ئاوارەیی و ساڵانێکیش بێکاری و نەداری. بێکاری و نەداری کردییە پۆلیس و وەک پۆلیسی عیراقی لە جەلەولا، دەستی بەکار کرد. بەیانییەک خۆی و شەش حەفت هاوکاری دیکەی لە شیرینی خەودا، عەرەب بەسەریاندا دەدات و دەیانداتە بەر دەستڕێژ و هەموویان دەکوژێت، سەلامیش لەگەڵ ئەواندا کوژرا. سەلام ئەگەر منداڵە هەژار نەبوویایە هەرگیز نەدەبووە پۆلیس. منداڵی دەسەڵاتداران و دەوڵەمەندانی وڵاتەکەی ئێمە نابنە پۆلیس و ئەوان بەچکە هەژاران دەکەنە پۆلیس و چەکیان دەدەنەدەست و دیاندەنە کوشت. بەچکە هەژاران و پۆلیس و پاسەوانانی وڵاتی ئێمە، دەسەڵاتداران و دەوڵەمەندان دەپارێزن. دەسەڵاتی کورد، سیاسیی کورد، حیزبی کورد، کە تا ئێستاش نەیتوانیوە عەرەب لە جەلەولا وەدەرنێت و جەلەولا بخاتەوە سەر کارگێڕی و بن دەسەڵاتی کورد، بە چ هزر و نەخشە و فەلسەفە و ئاوەزێکەوە پۆلیسی کورد لە ناو بازنەی بەعسی و عەرەبدا دادەنێت؟ دەسەڵاتداران سەلام دەنێرنە جەلەولا و منداڵانی خۆیان دەنێرنە پاریس و لەندەن و ستۆکهۆڵم و واشنینگتۆن. سەلام، ئەگەر نەکوژرابا، تا سی ساڵی تری تەمەنی لە ئەوروپا بووایە، هەرگیز بە پۆلیسی و بە گوللەی عەرەب و بەعسی نەدەکوژرا.

نەدەکرا، سەباح و سەلام بهێنیت بۆ ئەوروپا و نەشدەکرا گۆران بگەڕێنیتەوە بۆ ئەوروپا، لێ دەکرێ ڕەوشی کوردستان بگۆڕیت. دەکرێ دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند و چەوسێنەران، کە لە سەر خوێنی خەڵکی هەژار و چەوساوەی کورد دەژین، لەقاودەیت و ڕسوابکەیت و دەردەکانی جڤاکی کورد ئاشکرا بکەیت. دەکرێ ڕووی دزیوی دەسەڵاتداران، کە بەرپرسن لە هەموو مردنێکی ناسروشتی لەو وڵاتەی ئێمەدا، هەڵماڵێت و پێشانی خەڵکی وڵاتی بدەیت. پێشانی ئەوانەی تا ئێستاش سوێند بە سەریان دەخۆن و هێچ کردەوەکیان ناخەنە بەر پرسیارەوە. دەکرێ مردنەکان لە یەکدی جوێ بکەیتەوە و هەریەکەو ناوی خۆی لێ بنێیت. دەکرێ بپرسێت، چما هەرگیز دەسەڵاتدارزادەیەک یا دەوڵەمەندزادەیەک بەو شێوە مردنەی هەژارانی وڵاتەکەی لەمەڕ خۆمان نامرن!. دەکرێ بازنە و پانایی ئەو پرسیارە فراوانتر و مەزنتر بکەیتەوە و هەموو بوون و دەسەڵاتی ئەو دەسەڵاتدارانە بخەیتە بەر پرسیارەوە. ئەگەر چێبوون و مردن دوو ڕووداو، کردار، ئەنجامەکردار یا پرۆسە بن، کە مرۆڤ لە هەموو جیهاندا و تەواو و سەدلەسەد هاوبەش و وەک یەکبن تێیاندا، واتە: هەموو مرۆڤێک لە ئەنجامی کارێکی سێکسی باوکێک و دایکێک بێتە دنیاوە و چێ ببێت و هەموو مرۆڤێکیش بمرێت، ئەوا کە لە هەردوو چێبوون و مردنەکە، وەک دوو دیاردەی پێوەندار بە کەسەکانەوە، ورد دەبییەوە و قووڵتر تێیان دەنۆڕیت، بۆت دەردەکەوێت و دەبینیت، کە لە شێوە و چۆنیەتی و ڕەوش و بار و هەلومەرجی ڕوودانی چێبوون و مردنی مرۆڤدا جیاوازیی هەیە. هەژاران، نەداران، برسییان، ڕووتان، چەوساوان و خەڵکانی شەکەت و ستەمدیدەی خوارێی کۆمەڵگە، هەمیشە منداڵەکانیان لە سەختترین هەلومەرجدا دێنە دنیاوە. منداڵەکانیان کاتێک دێنە دنیاوە، ڕەنگە دایکەکانیان خەریکی دروێنە، پەزدۆشین، تەپاڵەخڕکردنەوە، بەنرستن، هەوێرشێلان، نانکردن، ئالیکبەئاژەلدان، خاوێنکردنەوە و گسکلێدان، شیولێنان و...بن. زارۆکی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند، لە باشترین و گرانترین و بەخزمەتترین نەخۆشخانەدا دێنە دنیاوە و سەدان جێگەی نەرم و جلی جوان و لەیستۆکی نایاب و سەیر دەکرێتە خەڵاتیان. لەمردنیشدا هەژاران، نەداران و..ئەو جۆرە خەڵکانە، زۆرجاران لە کاتی کار، جەنگ، شەکەتبوون، هاتوچۆ و سەرگەرمی و سەرقاڵییەکدا، تێدەکەون و بەردەکەون و تێدا دەچن. مردنی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندان لە مردنی خەڵکە ئاساییەکە جیاوازە. ئەوان لە نێو جێگەی گەرم و نەرمدا دەمرن. ئەوان نابنە ژێر دیوارەوە و پرێمز پێیاندا ناتەقێتەوە. ئەوان ئەلەکتریک نایانگرێت و داس و تەور لە کەللەیان نادات. ئەوان گوللەی عەرەب و بەعسی نایانکوژێت. ئەوان ئۆتۆمبیل نایانشێلێت. باسکردنی هەواڵی مردنەکە و ناشتنی مردووەکە و پرسەدانان بۆ مردووەکە، هی دەسەڵاتداران و دەوڵەمەندان لە خەڵکەکەی دیکە جیاوازە. ڕۆژانە لە کوردستان سەدان گۆران و سەباح و سەلام،

دەبنە قوربانی ڕەوشێکی تاڵ و نالەبار، کە دەسەڵاتدارانی وڵات، بازرگانانی جەنگ، دەوڵەمەندانی دز، سازاندوویانە و هێناویانەتە ئاراوە. دەسەڵاتدارانی کوردستان (بازرگانانی جەنگ و دەوڵەمەندانی دز)، ئەگەر بیانەوێت و بڕێک لە سامان و دەسەڵات و ساختەکاری و دزیی خۆیان کەمکەنەوە و بڕێک لە پارەوپووڵێک، کە بۆ خواردن و خواردنەوە و ڕابواردن و بانگهێشتن و گەشت و قومار و خانووکردن و ناوماڵەکڕین و هەزارویەک شتی قۆڕی دیکە تەرخانی دەکەن، دانێن بۆ چاککردنی جادە و چاککردنی ئەلەکتریک و نەهێشتنی عەرەباندن و...دەیان شتی دیکە، ئەوا هەرگیز گۆران و سەباح و سەلامەکان ناکوژرێن و لەنێوناچن. لە هەموو ئەورووپادا ئەگەر باس لەو شێوە مردنانەی وڵاتی کوردستان (پرێمزتەقینەوە، گازتەقینەوە، ئەلەکتریک، ڕووخانی دیوار و خانوو، خنکان لە نێو ئاودا، کارەساتی لێدانی ئۆتۆمبیل لە سەر جادە و...) بۆ کەسێکی ئەورووپایی بکەیت، ڕەنگە بە ئەفسانەی تێبگات و هێندەت پێ بکەنێت، کە ئاو لە چاوەکانی بێتە خوارێ و وەک شۆخییش بۆ دەیان کەسی بگێڕێتەوە. نەمانی گۆران و گۆرانەکان، تۆپەڵە خەمێکی زیادەن دەخرێنە سەر خەرمانی خەمەکەڵەکەکراوەکانی هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز و دژەچەوساندنەوە و وڵاتپارێزی وڵاتی خەمستان (کوردستان).

2004/11/27